# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

GENOCIDE.KRD

زانکۆی سەلاحەدین

زانکۆی دهۆك

زانکۆی سوران

زنجیره پەرتووکی کونفرانسیی جینوسایدی کوردی فەیلی (1)

# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی جینوسایدی گەلی کوردستان

## (جینوسایدی کوردی فەیلی)

هەولێر 2 – 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

**سەرپەرشتیکردن**


پ. ی . د. سالم جاسم حاجی | پ. د. صلاح محمد سليم

پ. د. نشوان شكری عبدالله | د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن كريم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی　　پ. د. صلاح محمد سلیم
پ. د. نشوان شكری عبدالله　　د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن كریم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)
- مافێ چاپ و بەلاڤكرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە

https://genocide.krd
info@genocide.krd
/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd
009647511101241

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# لیژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش | زانکۆی سۆران |
| پ. د. مصطفی صابر عەتار | زانکۆی سەلاحەددین |
| پ. د. نەشوان شکری عبدلله | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. سیروان جەبار ئەمین زەند | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. میدیا ئیبراهیم فەتاح | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. کارزان عبدالمحسن محمد | زانکۆی سەلاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەلیل مصطفی عوسمان | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شاری خالید | زانکۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانکۆی دهۆك |
| م. ی ئامانج نەجمەدین عبدالغفور | زانکۆی سەلاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانکۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی


| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافوره |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفە کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریە |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆندە | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی لە لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهرە |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەراییبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزادە تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبدالله دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی رووربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئاینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئاینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەكێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ ومولکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ ومولکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و مولکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شڕۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقوڵاوە،  لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار  بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆرکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیواداریین ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی  زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێرست

1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی
(فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شرۆڤەکارانە
**پ. ی. د. عێباد رۆحی ........................................................................ 15**
2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە
**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح ................................................................. 29**
3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان
**پ. د. نەرمین علی..............................................................................79**
4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین
**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر ................. 115**
5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە
**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین ........................................................... 145**
6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا
(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)
**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد .............................. 173**
7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991
لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی
**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد ............................................................... 197**
8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی
ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی
**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام ..................................................... 233**
9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە
**م. شمال خمو خضر ........................................................................... 303**
10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی
**د. شیلان یاسین خضر ........................................................................ 335**
11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی
**خەلیل سەلیم .................................................................................. 363**
12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا
(جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)
**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر ............................................................... 383**

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم ............................................................................ 397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد ........................................................ 417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح .............................................................................................. 439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی) ............................................................................................ 469**

# کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین
# لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان

**پ. د. نەرمین علی**
**بەشی شوێنەوار/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ئەندامی هاوبەش لە**
**narmen.ameen@su.edu.krd**

**پوختە**

دروستکردنی بەنداوی حەمرین لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا (1981-1976ز) لەسەر ڕووباری سیروان- دیالی، لە ئەنجامی کاری ڕووپێوی شوێنەوارەکان لە دەشت و بەرزاییەکانی حەمرین، کەلەلایەن دەزگای شوێنەواری عیراق کرا بەسەریەکەوە بوو بە هۆی تێکوپێکدانی زیاتر لە (70) شوێنی شوێنەواریی لە ناوچەکەدا. مێژووی ئەم شوێنەوارانە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکانی قۆناغەکانی شارەستانیەت، کە لە هەزارەی شەشەمی پێش زاین دەست پێ دەکات (سەردەمی سامەڕا و حەلەف) تا قۆناغەکانی فرسی- سلوقی – ساسانی و سەردەمی ئیسلامی و سەردەمی میرنشینە کوردیەکان (سە ردەمی عوسمانی). ئەم شوێنەوارانە جێگای نیشتەجێی شارەستانیە کۆنەکان بوون، لەنێوان لادێ و شارو پەرستگا و خانوو و پاشماوەی سیرامیك و تابلێتی بزماریی و هونەری کۆن و قەڵا و پرد و هتد، دۆزرانەوە، کە تایبەتمەندی شارەستانیەتی ناوچەکە بوون. شوێنەوارەکان یناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا زۆربەیان لەسەر رووباری- سیروان- دیالی و نارین و کوردرە بوون. شارەستانیەت و نیشتەجێبوونی مرۆڤ بۆ ماوەی زیاتر لە شەش هەزارساڵ لە ناوچەی حەمرین، کە ناوچەیەکی دینامیکی گرنگ بووە لەنێوان باکور و ڕۆژهەڵات و باشوری میزۆپۆتامیادا. ڕێگایەکی کۆنی بازرگانی گرنگی پێدا دەڕۆیشت لە ڕۆژئاوای ئاسیا. لەبەر زۆری پاشماوە شوینەواریەکان لەناوچەی بەنداوی حەمرین، کۆمەڵەی تیمی شوێنەوارناسی جیهانیی بەشداریان کرد لە کنە و پشکنینی رزگارکردن لە ڕێگەی یونسکۆ- UNESCO لە عیراق کاریان کرد لە گردی سلیمە، تل حداد، ئاق تەپە، الزاویە، الجباری، امام اسماعیل گەورە و بچووك، شمیر، ابو سعود، ارشیدە، عبد عمە، کرجیە، ابن علوان، بردان، ابو شعاف، قاسم، کریش، خیط نملە، تل عیاش، تل سیب، تل حلاوە، تلول الیلخی، ابو حصینی، الراج، , حسن، الکبە، صنگر، الحمیدیان، تل منظوب، خیط کنج، خیوط قاسم، صبرە، تل البکع، احمد الحتو، تلول اوج تیە، تل عتیفە و تل رزوق. ئەم شوینەوارانە بەڵگەی دەوڵەمەندی شارەستانیەتی و مێژوویی ناوچەکەیە. بوونی زنجیرە چیاکانی حەمرین وەك بەربەستێکی سروشتی لە نێوان باشوری میزۆپۆتامیا و باکوری میزۆپۆتامیا بووە هۆی دروستبوونی شارەستانیەتی جیاواز

و تێکەڵاو. لە ئەنجامدا یەکتربڕینی ڕێگاکان لەناوچەکە دروست بووە و لەکۆنەوە زنجیرەچیاکانی حەمرین بەربەستی سروشتی و کلتوری و سیاسی و نەتەوەیی بووە تا ئەمڕۆ.

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر چەند لایەنێکی گرنگی ناوچەکە، وەك لایەنی جوگرافیای سروشتی و ئەوەی پەیوەندی بەڕێگاوبانە کۆنەکانەوە هەیە. مێژووی ناوچەکە لەژێر ڕۆشنایی نوسینی مێخیدا. نەمانی شوێنەوارەکانی ناوچەی حەمرین دوای دروستکردنی بەنداو لەناوچەکە بەشێکی گرنگی مێژووی شارەستانیەتی ناوچەکە، کە پەیوەندی بەدانیشتوانی کۆن و کوردە فەیلیەکانەوە هەیە. ناسنامە و جێگای کۆنی باوباپیرانیان لەژێر ئاو وون بووە.

کلیلی وشەکان: بەنداوی حەمرین، فەیلیەکان، ناسنامەی شوێنەواریی، ڕێگە کۆنەکان، رووباری سیروان, تل حداد، جینوساید.

## ملخص

بناء سد حەمرين على نهر ديالى ادت إلى اكتشاف وتدمير اكثر من سبعين موقع الاثارى تعود إلى فترات تاريخية وحضارية مختلفة و تاريخ الاستيطان فى حوض حەمرين تعود إلى الاف السادس قبل ميلاد (عصر سامراء وحلف) ومراحل الأخرى كاشى - كوتى ميدي، ئاشوري، فرثى - سلوقى - ساسانى - إسلامى و فترة الإمارات الكردية و فترة العثمانية .وعمليات تنقيبات الاثارية فى حوض حەمرين كانت انقاذية بالتالى سريعة ومختصرة ومحودة. كانت منطقة حەمرين منطقة استراتيجية مهمة وحلقة وصل بين هضبة الإيرانية وثقافة زاكروسية ومناطق شمال شرق ميزوبوتاميا و جنوب ميزوبوتاميا و مرور الطريق الخراسان القديم و طريق الحرير فيها. تميزت حضارة منطقة حەمرين بخصوصيتها المعمارية بظهور الابنية بيضوية و نوع خاص من فخار الأحمر و وحافة فوهة جرار الخشنة مختومة. واستخدام نوع من الأجر محدب.عثور على أدوات معدنية فى قبور تبرهن على غنى الاقتصادى و تنوع طبيعى فى منطقة. فى هذا البحث نلقى الضوء على اهم المواقع الاثارية فى حوض حەمرين وتأثير بناء السد فى انغمار و اندثار هذه مواقع فى مناطق فيليين وتعرضهم للابادة و فقدان هوية والانتماء التى تعتبر الآثار والتاريخ جزء منها.

مفتاح كلمات: سد حەمرين، فيلين، هوية الاثارية، طرق القديمة، نهر سيروان، جينوسايد

## پێشەکی

ناوچەی دیالی (سیروان) لەگەڵ حەمرین شوێنەکەی ناوەڕاستییە، لەنێوان کولتوری زاگرۆس نشینەکانی ئێران و باشوور و باکوری میزۆپۆتامیا، خالێکی کارایە لە جولانەوە سەرەکییەکانی گواستنەوە لەنێوان فەرهەنگی کولتوری ئوروك و (جەمدە نصر) لە (III-IV) هەزارەی سێیەمی پێش زایین. زانیارییەکانمان لەسەر ناوچەی دیالە تەواو نییە و لەبەر کۆنی پشکنینی شوێنەواری بۆ حەمرین لەبەر پشکنینی ڕزگارکردن و هەندێک لە ڕاپۆرتی سەرەتایی پشکنین بڵاوکراونەوە، گرنگن، کە تایبەتن بە هۆبەی تایبەتمەندیی جوگرافی- کەلتوری مێژووی ناوچەکە (دیالی – ئەستێلی حەمرین العظیم- مکحول).

زانکۆی شیکاگۆ لەساڵی 1930 دەستی بەکاری پشکنینی شوێنەوار کرد لە (تل خفاجی، تل أسمر وتل العقرب) لە ناوچەی دیالی لە لایەن (Delougaz) دۆزینەوەی پاشماوەی بنەماڵە کۆنەکان (I, II)، بەڵام

هیچ لەو کەرەستانە بە (کاربۆن -14 C14) شی نەکراوە بۆ زانینی مێژووەکەی (سەردەمی الورکاء، جمدە نصر، و بنەماڵە کۆنەکان I, II). و لایەنی بیناسازی و شێوازی بیناسازی سێ لایی(Tripartite) وەرکایی لە ناوچوو، و لایەنی پسپۆڕەکانی شوێنەوارناسەکانی میزۆپۆتامیا زاراوەی (Dynastic Archais) لەسەر بناغەی گۆڕانکاری بیناسازی دانراوە بەتایبەتی (پەرستگا) وەك پەرستگای (أبو) لە تل أسمر و پەرستگای (سین) لە خفاجی و هەروەها سەردەمی پێش ئەدەب و سەردەمی a-d سەردەمی دەرکەوتنی سەرەتای نووسین (P.76) تا خفاجی(Omsman2016, p76)

لەسەر تل(A) و دوای زونی (پەرستگای سین) کۆمەڵێ خانوو دۆزرایەوە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (Proto-Litteraire) و هەتا سەردەمی ئەکەدی (a-d) چینە قوڵەکان تا شوێنی سەرچاوەکانی ئاو (سەرچاوە ئاوییەکان) nappe phretiquo، یەکێك لە هۆیەکان کە نەتوانرا پلانێکی روون دروست بکەن پەیوەندی بە دیوارە کۆنەکە، و پەیوەندی نێوان دیوارەکە و خانووی(Stratigruphique 12) هەبوو. (Omsman 2016, p76)

لە بەشی ڕۆژهەڵاتی عێراق لە ناوچەیەکی تایبەتی ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس لە دۆڵی نارین، هەتا باکوری دیالی (سیروان). کۆمەڵێ شوێن هەڵکۆلینی تیادا کراوە لە ساڵەکانی 1977 بۆ مەبەستی ڕزگارکردی دۆڵەکە پێش دەست پێکردنی بەنداو و دەریاچەی حەمرین، ئەوەش کە کاری تێکراوە (50 کم درێژی و 10کم پانیەکەی) بوو.

زۆربەی شوێنەوارەکانی لە خوارەوەی چیای (Nasat) بوو تەنیا تل (5) (Songor) ،(Gubbahکم) لە سەرچاوەی ڕووباری دیالی ونارین بوو. رووبەری ئەو سایتی بچوکن، گەورەترینیان تل سولێمان (Tell Suleimen) (280 mx240m) و بچوکترینیان تل حوزێفە Tell Huzaifah(60mX 40m) بوو. مێژووی نیشتەجێبوون ئەم سایتانە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵە کۆنەکان (Dynastique Archaique 16) و ئەم شوێنەوارانە وەك سایتەکانی دیالە بە بوونی جۆرێکی سیرامیکی تایبەت ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی سووری گەش بە ناوەی سیرامیکی سور ناسراوە، و هەندێ لە شوێنەوارەکان مێژووی دروست بوونیان وەك سایتی (Tell Gubbah)و (Tell Yeikhi)و ڕەنگ بیت سایتی (Suleimin) کۆنترە لە ناوەڕاستی یان کۆتایی سەردەمی (جمدة نصر) یان (جمدة نصر B). بەگوێرەی تویژەر (Mouheyddin Ossman, 2012)لەم قۆناغە گەشەسەندنی سایتەکان لە ناوچەی حەمرین دەست پێ دەکات و سایتی گەورەی سەرەکی ناوچەی حەمرین - دیالی شوێنی (ئەشنونا) شارستانیەتی ناوچەی ئوروك (الورکاء) لەم ناوچەیەدا سنوردار نەبوو تەنیا لە حاڵەتی سایتی (Tell Rubeiden) و (Tell Huzaifah) دۆڵی حەمرین لە ناوچەی گرنگ لە خوارووی پێدەشتەکان و ڕێگای کۆنی خۆراسان (High Road). لەم توێژینەوەیە لە ئەستێلی حەمرین باسی (40) پێگەی شوێنەواری دەکەین بەگوێرەی بەدوای یەك داهاتنی مێژووی (کرۆنۆلۆژی)، شایەنی باسە ناوچەکە بەگشتی زیاتر لە (70) پێگەی شوێنەواریی لە خۆ دەگریت. (نەخشەی ژمارە 1)

**مەبەستی توێژینەوە:**

لەم تویژینەوەیە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر مێژووی گرنگترین شوێنەوارەکانی ناوچەی حەمرین و تایبەتمەندیان لە شارستانیەتی کۆنی کوردستان و میزۆپۆتامیا و کاریگەریی ئەستێلی حەمرین

لەسەر لە ناوچوونیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. ئەوە سیاسەتی حکوومەتی پێشووی عێراق دەردەخات بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان و ئەمەش بەشێکە لە جینۆسایدی کەلتوری کوردە فەلییەکان و دروست کردنی بەنداوەکەش کاریگەری نەرینی دروست کردوە، وەهەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە وگۆڕانی ئاو وهەوا، بەهۆی گۆڕانی کەش وهەواو کەمبوونەوەی ئاوی ئەستێڵی حەمرین.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم لێکۆلینەوەیە پشت دەبەستێت بە دوو ڕێگە، یەکەمیان پشت دەبەستێت بە سەرچاوە بڵاوکراوەکان لە ئەرشیفی مۆزەخانەی بەغداد و ڕاپۆرتی توێژینەوەکان کە کراوە لە سەر ناوچەکە. دووەمیان پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و شوێنەواری ناوچەکە، هەروەها پشت بەستن بەوێنەی ئاسمانی کۆرۆنا (Corona)، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە چەند تەوەرە و بڕگەیەك.

یەکەم دەروازەیەکی مێژوویی و جوگرافی ناوچەی حەمرین، دووەم دەستنیشان کردنی ناوچە شوێنەوارییەکان، پرۆژەی حەمرین تێکدانی شوێنەوارەکان و دەرئەنجام و پێشنیازەکان.

ئەم توێژینەوەیە تەنیا سنوری جوگرافی ناوچەی حەمرین دەگرێتەوە و شوێنی دروستکردنی بەنداوەکە و ناوچەی گەرمیان هەمووی ناگرێتەوە خۆی. ئەمە یەکەم جارە لێکۆلینەوە لە سەر کاریگەریی لەسەر شوێنەوارەکانی حەمرین و بەستنەویان بە جینۆسایدی کولتوری ناوچە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی و ناوچەی فەیلییەکان بە تایبەتی دەخرێتەڕوو.

## کێشەی توێژینەوە

نەبوونی سەرچاوە پێویست و ناتەواوی لە بڵاونەکردنەوەی هەموو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، ڕێگەنەدان لەلایەنی ئاسایشی ناوچەکە بۆ سەردانی سایتە شوێنەوارییەکان، ژێرئاو کەوتنی بەشێك لەو سایتانە و بایەخ پێنەدانی لەلایەن فەرمی بە دیکۆمینت نەکردنی بلاو کراوەکان، وون بوونی زانیارییەکان.

## شوێنی لێکۆلینەوە

بەنداوی حەمرین لەسەر ڕووباری سیروانە بە دووری (120کم) لە باکوری ڕژهەڵاتی بەغداد، بەدووری (6کم) باشوری ڕووباری نارین و (10کم) بەنداوی دیالە لە باشوری بەنداوی دەربەندیخان. تەمەنی خەملێندراوی بەنداوەکە (150-100) ساڵە، کارەبای ساڵانەی 215 کیلۆواتە لە کاتژمێرێك. بڕوانە (الشخلي 2008، ص2).

## تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی مێژوویی و جوگرافی بۆ ناوچەی حەمرین

### یەکەم: دەروازەیەکی جوگرافی ناوچەی ئەستێڵێ حەمرین

چیای حەمرین زنجیرە گردۆڵەیەکە، کە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا بە پانتایی بەردەوام دەبێت تاوەکو دەگاتە نزیك دەروازەکانی چیای شنگال، ولەناوچەی گەرووی تێپەربوونی رووباری دیجلە بە بەری خۆرئاوای دەگوترێت مەکحول. ئەم زنجیرە چیاییە لە مێژوودا ئێکجار بەناوبانگە، وسنووری نێوان

دوو سارشتانیەتی جیاواز پێک دەهێنێت، وتاوەکو ئێستاش وەکو سنوور لەنێوان کوردستان و میزوپۆتامیا دادەنریت، لەسنوری باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی گەرمیان. ڕووباری دیالە ناوچەکەی کردۆتە دوو بەش. ناوچەی گردەکان لە دواوە و لەملاو ئەولای ڕووبارەکان بەردەوامیی (ئەستێڵێ حەمرین) لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و هۆکاری رووچوون لە ناوچەی چیاکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی حەمرین دۆڵەکانیان پڕکردۆتەوە و دەشتی قوڕ ولیتەی وەك (دەلتا دروست بووە). (پوستکیت، 1979، ل586). چیاکانی حەمرین گرنگترین ناوچەی سروشتی دەست پێدەکات بە درێژایی (220کم) لە ناوچەی (الفتحە) لەسەر ڕووباری دیجلە نزیك بیجی باکوری ڕۆژئاوای حەمرین بەردەوام دەبێت تاکو باشوری ڕۆژهەڵات و تا باشوری خانەقین و بە درێژترین زنجیرەی چیا دادەنرێت لە عێراق. بڕوانە: (الخلق 1961، ص64). جیاوازی لە بەرزاییەکانی چیای حەمرین هەیە ناوچەی حەمرین دەکەوێتە ناوچەی (دیاڵی ناوەڕاست)و ناوچەیەکی نیمچە شاخاویی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق (Mitchell.c.w, 1959, p. 390). و دۆڵەکانی ناوچەی حەمرین تەسکن لەبەر کەمی بەرزی چیاکانی حەمرین و هۆکاری رۆچوون کاری کردۆتە سەر ئەم چیایانەو جۆری بەردەکەی بەردی کلسی وگەچی، دروستبوونی دەگەڕێتەوە سەردەمی (المیوسین خواروو)، (سەردەمی جیۆلۆجی خواروو)و بوونی بەردی لمی(قوم) و قوڕەسوورە بۆ هۆی ناولێنانی ئەم چیایانە (چیای سور). (Jacob-son, 1949)، لە چیاکانی حەمرین سێ (دەروازە –ممر) هەیە تێیدا ڕووبارەکان ڕێدەکەن یەکەمیان نزیك (الفتحە) ڕووباری دیجلە پێیدا دەڕوات، دووەمیان لە (دمیرقبو) ڕووباری عوزیم(ئاوزیم) پێیدا دەڕوات و سێیەمیان لە (المنصوریە) ڕووباری دیالە (سیروان) پێیدا دەڕوات. (طە باقر، 1973، ص-55 54). دەشتاییەکان لە حەمرین زیاتر لە (300کم) بەدرێژی و لە ناوەڕاستدا پانییەکەی کەم دەبێتەوە و بەرەو باکور و باشوری دەشتاییەکان فراوان دەبێتەوە بەردەوامی (ئەستێڵ حەمرین)، کە نزمییەکە شێوەی شەشپاڵویی دیاریکراوی هەیە و درێژی (40کم) و پانی (15کم)ە، (Gibson, M.C, 1981, p. 4). لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین چیای (جوبە) و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و لە بەشی باشوری ڕۆژئاوای چیای قزڵرەبات و زنجیرە درێژیەکەی چیای حەمرینە. گرنگترین ڕووبارەکانی ئەستێڵی حەمرین ڕووباری دیاڵە لە شاری جەلوەلا دەڕژێتە ناو ئەستێڵی حەمرین و دەیان کات بە دوو بەشی نایەکسان. ڕووباری سیروان، تانجەڕۆ، قورەتوو و ئەلوەند و نارێن.... و سەرچاوەی ئاوی ئەم ڕووبارانە لەدەوری (ئەستێڵ الحەمرین). (طە باقر، 1973، ص55-54). (روبرت ادمز، 1984، ص324)، دوو ڕووباری تر لە ناو (ئەستێڵی حەمرین) هەروەها ڕووباری نارین لە باکوری ڕۆژئاواوە دەڕژێتە ناو ڕووباری دیالە لە ناوچەی سەعدیە زاراباد(قزرەباد). ڕووباری (کوردارە) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی (ئەستێڵ حەمرین) و ئەم دوو ڕووبارە زۆر گرنگن بۆ کشتوکاڵ و ئاودان لە ناوچەکە (سبتابو توسا، 1984، ص21).

**دووەم: دەروازەیەکی مێژوویی ئەستێڵی حەمرین**

سروشتی ناوچەی (ئەستێڵی حەمرین) لە کۆنەوە گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەردا نەهاتووە لەگەڵ یەکەم نیشتەجێبوونی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا و ناوچەی گەرمیان بە شێوەیەکی گشتی و ناوچەی حەمرین بە شێوەیەکی تایبەتی دوورییەکی گرینگیان هەبووە لە گواستنەوەی شارستانیەتی کۆنی نێوان باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی خوارووی میزۆپۆتامیا، (ڕێبوار سەرتیب حەمید، 2022، ل20) کۆمەڵ ڕێگاوبانەکانی

ناوچەی حەمرین بە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا و دەشتاییەکانی زاگرۆس و باشوری میزۆپۆتامیا و باکوری ڕێگای (خۆراسانی گەورە) بە ناوچەی حەمرین دەڕوات بەرەو باشوری عێراق بۆ ناوچەی کیش و ئەلحەد و بابل –سلوڤیا مدائن- بغداد بەرەو ئێران و لە ڕۆژهەڵات بەرەو کرمانشاە و هەمەدان. (پوستکیت، 1979، ل586)، نزیك ناوچەی سەرپێلی زەهاوەوە دەڕوات. لە کۆنەوە ناوچەی حەمرین دەروازەیەك بووە بۆ هاتووچۆکردنی ناوچەکانی میزیۆپۆتامیاو چیاکانی زاگرۆس و هاتووچۆکردنی گەلانی کۆنی ناوچەکە وەك سوباری - لولویی- گوتی و کاشی و خوری و میتانی تێپەڕبوونی بە ناوچەکانی باشوری میزۆپۆتامیا و عیلام و میدییەکان بەم ناوچەیە تێپەڕیون بەرەو ئاشور چوون لە ڕێگای (ئەرابخا- کرکوك) ئەخمنیەکان و ئەسکەندەرەی مەقدۆنی دژی ئەخمنیەکان هەروەها لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و ئیسلامیشدا بەکارهاتووە بۆ مەبەستی سەربازی و بازرگانی و ڕێگای کۆنی خۆراسان و ڕێگای ئاوریشم، کە بەم ناوچەیە تێپەڕیوە لە ناوچەی خانەقین بەرەو کرماشان و هەمەدان لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی عوسمانی و میرنشینە کوردییەکانی ئەم ناوچەیە گرنگ بووە و بەشێك بووە لە ململانێی نێوان هێزە گەورەکان. بەشێوەیەکی گشتی ڕێگاو دەربەندەکان بایەخێکی تایبەتیان هەبووە لە کاتی ئاشتی و شەڕدا بۆ جموجۆڵی بازرگانی و گواستنەوەی کەرستەی خاو و باج وەرگرتن و هەڵمەتی سەربازی و هاتووچۆکردنی سوپاکان و جێگای هاتووچۆ و کۆچەری گەلان بووە (کۆزاد محمد ئەحمەد، 2009، ل13و29)؛ (ڕێبوار سە رتیب حە مید، 2022، ل20). بوونی ئەو تۆڕە هاتوچۆکردنە لە ناوچەی ئەستێڵ حەمرین بۆتە هۆی ئاسانیی هاتوچۆ و پەیوەندی کردن لەگەڵ شارە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و ئێرانی کۆن بۆ بازرگانی و لە کاتی جەنگیش بەکارهاتووە و هەتا ئەمڕۆش. پاشان ئاشورییەکان باسی ئەو ڕێگایەیان کردووە بەتایبەتی (شەلمانصری سێیەم 824-858 پ.ز)و پاشا شمس ئادی پێنجەم(811-828 پ.ز) لە کاتی هەڵمەتی سەربازی لە ئاشورەوە بەرەو بابل لە ڕێگای (ئەرابخا-کرکوك) ڕۆیشتوونە بەرەو شاری (زابان) لە ناو ئەستێڵی حەمرین و دواتر بەرەو شاری (میتورانت)و شاری کاناناتا و چیای (ئیبیخ حەمرین). (Postage. J.N, 1984, p. 152)، لە سەردەمی زووی گزینگی وەچەکان، لە ناوچەی حەمرین زیادبوونی نیشتەجێبوون دروست بوونی لادێ و شار و زۆربەی پەیوەندی بە باشوری میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی ئێران و ناوچەی لورستان هەبووە بەڵام هەندێ تایبەتمەندی هەیە تەنیا لە ناوچەی حەمرین بەدەرکەوتووە وەك بیناسازی بازنەیی یان هێلکەیی یان بازنەیی لە تل الکبە وتل رزوق وتل مزهور (مظهور) و هەروەها بەرهەمهێنانی جۆرێکی سیرامیکی تایبەت بە ناوچەی حەمرین فخاری ڕەنگاو ڕەنگ (سور-قرمزی) و بەکارهێنانی (کەرپوچی-قۆقز)- (الاجر المحدب) کە لە ناوچەکانی تری میزۆپۆتامیا بەکارنەدەهات و بوونی (مۆر) لەسەر ملی گۆزە قەبارە ئەستورەکانو هەموو ئەم کۆمەڵە تایبەمەندییەی ناوچەی حەمرین ئەوە دەسەلمێنێ لەسەر سەربەخۆیی و لای سۆمەریەکان چیای (ئیبیخ) حەمرین نیشانەی (وڵاتی شاخاوی یاخی بووە). (پوستکیت، 1979، ص590).

**سێیەم: حەمرین لە ناو سەرچاوە مێژووییەکاندا**

ناوی ئەم ناوچەیە لە ناوێکی مێخییەوە هاتووە بەتایبەتی (چیای حەمرین) و ڕووباری (نان) تران Turan دیالە. (حنوون، 2009، ص297). لای سۆمەرییەکان (چیای حەمرین) بە شێوەی (EN.TIK) و

لایەنی جەزرییەکان بە شێوەی (he/Abi) بە مانای (چیای بەرز و بەهێز) دێت و ناوی لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین هاتووە (بوتیرو وکریمر، 2005، ص64-63) لە ئەفسانەی إینانا وئبیبخ لایەنی کاهینە ئەنخید وئەنا (کاهنە خواوەندی سین لە ئور) نوسراوە لە سەردەمی نرام سین(2218-2251 پ.ز) کورتەی ئەفسانەکە باسی خوداوەندی ئەنیانا-عەشتار خواوەندی خۆشەویستی و بەشەڕ هەوڵ دەدات ناوچەی (ئەیبیخ) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی بەڵام (چیای حەمرین) (ئیبیخ) بەرەنگاریی دەکات و ڕازی نابێ بکەوێتەوە ژێر ڕکێفی عشتارەوە. لەم ئەفسانەیە باسی جوانی سروشتی ناوچەکە و بۆنی دار و بەپیتی خاك و خەڵکەکەی و هێزێکی سیاسی و سەربازی و ئابوری یەکگرتوو بوون و ئەنیانا هەڕەشە دەکاتە سەر(ئیبیخ) بە لێدانی بە توندی و سوتاندنی و وشککردنەوەی ئاوی ڕووبارەکانی لە سەردەمی ترام سین(2218-2251 پ.ز) نوسراوە. کورتەی ئەفسانەکە باسی خواوەندی ئەنیانا-عەشتاری خواوەندی خۆشەویستی و شەڕ هەوڵ دەدات ناوچەی (ئەیبیخ) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی بەڵام (چیای حەمرین) (ئیبیخ) بە زڕگاری دەکات و قبوڵ ناکات بکەوێتەوە ژێر ڕکێفی عشتار. (طە باقر، 1959، ص 36) لە ئەفسانەی إیتانا وابیبخ لای کاهنە أنخید وأنا (کاهنە خواوەندی سین لە أور) (طە باقر ب، 1951، ص 36) لای ئاشوریەکان ناوچەی حەمرین گرنگییەکی زۆری هەیە بە مەڵبەندی خواوەندی (ئاشور)یان دادەنا و بە (گەورەی چیاکانی ئیبیخ)یان دادەنا و لای ئاشوریەکان چیای (ئیبیخ) لە ئاشورەوە دەست پێ دەکات تا شاری میتوران (تل السیب وحداد) (طە باقر وفؤاد سفر، 1966، ص 5) ( تقی الدباغ، 1992، ص 24) (حنون، 2009، ل299-298). بەپێی ڕای بوتیرو خەڵکی ناوچەی حەمرین شاخاوی بوونە و زاگرۆسی بوونە (سامی نەبوونە). (Bottero Kramer, 1989, pp. 219-228). شاری (Awal/ تل سلمیە) ناوی شارەکانی ترمان بیردەخاتەوە (Uruza- Awan- Arawa).

لە سەردەمی بابلی کۆندا تێکست لە تل حداد دۆزراوەتەوە باسی ڕووباری دیالی دەکات و کە لەبەر گرنگی ئەم ڕووبارە بۆ لایەنی کشتوکاڵی و ئابوری پەیکەری لە مس بۆ دروست کراوە. لە سەرچاوە ئیسلامییەکان لای یاقوت الحموی بە ناوی (تامرأ) (دیالاس) یا (أودیاس) هاتووە. (یاقوت الحموی، 1957، ص 847) و کۆمەڵێ شاری گرنگ لە ئەستێڵی حەمرین هەبوون وەك (میتوران) (تل السیب وحداد) کە سەنتەری گرنگی کارگێڕی و ئابوری و کلتوری ئەم شارە دەکات بە ناوی میدول. (فوزی رشید، 1981، ص 77)، ئەم شارە گرنگ بووە لە سەردەمی کاشی، (بابلی) و ئاشوریدا و شاری کاناناتا (Kanannata) ئەم شارە نزیك ڕووباری دیالی و هەندێك بە شاری جەلەولای دادەنێن. لە نوسینەکانی پاشای ئاشور شلناصری سێیەم (824-858 پ.ز) ناوی هاتووە.. (پوستکیت، 1979، ص 588).

## تەوەری دووەم: پڕۆژەی حەمرین و تێکدانی شوێنەوارەکان:

ناوچەی ئەستێڵی حەمرین ناوچەیەکی فراوان و گەورەیە پڕە لە پاشماوەی شوێنەواری دەگەڕێتەوە بۆ کلتور و شارستانیەتە جیاوازەکانی ناوچەی (کوردستانی کۆن)و زاگرۆس و میزۆپۆتامیا. دروستکردنی ئەم بەنداوە بووە هۆی لەناوچوونی زیاتر لە (70)سایتی شوێنەواری گرنگ و تایبەت بەم ناوچەیە. بێ بەش بوونی دانیشتوانی کوردی فەیلی لە ناسنامە و، مێژوو و ڕەگ و ڕیشەی باب و باپیران یەکێك بووە لە سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشووی حکوومەتی عێراق بەرامبەر فەیلییەکان و شوێنەوار و مێژوویان کردویەتی.

دروستکردنی ئەم بەنداوە و تێکدانی شوێنەوارەکان پەیوەندی بە ڕابردوو و ونکردنی مێژویەکی دوور و درێژ و نەوەکانی ئەمڕۆکەش لێی بێ بەشن و دابڕاون. ئەم مێژووە نە دروست دەبێتەوە و نە دووبارە دەبێتەوە، خۆی لە خۆیدا جینۆسایدی کولتورییە..(درویش، 2022، ص437-417)؛ (حيالي، 2006، ص15)، وە لایەنی سروشتی کارەساتێکی گەورەیە بۆ تێکچوونی ژینگەی ناوچەکە.

**یەکەم : گرنگترین ناوچە شوێنەوارییەکان حەوزی حەمرین**

**1- تلول الطبة**

سایتەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەستێلی حەمرین، ڕۆژئاوای ڕووباری دیالی، ڕووبەرەکەی 85X80م وبەرزییەکەی 8م. تیمێکی ژاپۆنی زانکۆی کوکوشیکان کاریان تێدا کردووە لە ساڵی (1977م) و لە ئەنجامی پشکنینی بینای بازنەیی گەورە و دەگمەنیان تێدا دۆزیەوە، و تیرەی بیناکە (50م) و لە ناوەڕاستی (ستەیژەکە) چاڵێك هەیە (پاشماوەی سوتاوی تیایە تیرەکە 80سم وقوڵییەکەی 60سم). ئەم بینایە 9 دەرگای هەیە. کۆمەڵێ پاشماوەی گۆزەی ڕەنگ سور و ڕەش (سەردەمی ئەم بینایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (جمده نصر) و سەردەم بنەماڵە کان و ئەخمینی و ئیسلامی (متولی 2018، ص104-103. (هيدو، فوجي، 1979، الصفحات 515-512)، (هيدو، فوجي، 1984، الصفحات 41-40).

**2- تلول صنگور**

دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای ئەستێلی حەمرین وتل صنگور لە سێ گرد (أ، ب، ج) پێکهاتووە صنگور (أ) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی (تل الطبه)و صنگور(ب و ج) 100 مەتر دوورە لە تل (صنگور أ) تیمێکی ژاپۆنی زانکۆی کوکوشیان لە ساڵانی 1980-1978 کاریان تێدا کردووە. لە گردی صنگور(م) پاشماوەی سێ چینی شوێنەواری دۆزرایەوە، سەردەمی عوبید، حلف، سامراء و پاشماوەی گۆڕو گۆزە. و لە تل(صنگورب) چوار چین، عوبید، عصر حلف پاشماوەی خانووی تێدا دۆزرایەوە و تل (صنگور ج) دەگەڕێتەوە سەردەمی (عوبید) و پاشماوەی ژوور و گۆزە دۆزرایەوە. (ماتوموسو، كين، 1984، صفحة 27) (متولی 2018، ص94و130)

**3- تل سلیمە**

ئەم سایتە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەستێلی حەمرین و باشوری ناحیە السعدیە و باشوری ڕووباری دیالی. ڕووبەری گردەکە (280× 240م) تیمێکی عێراقی کاری تێدا کرد سەر بە (المؤسسة العامة للأثار والتراث) ساڵانی (1981-1977م) (صلاح روميضي وبرهان شاكر، 1979، صفحة 420). و پاشماوەی 5 چینی شوێنەواریی لێ دۆزرایەوە(3-1) سەردەمی بابلی کۆن چینی (4) سەردەمی ئەکەدی و چینی (5) سەردەمی عصر فجر السلالات، لە چینی سەردەمی بابلی کۆن کۆمەڵێ پاشماوەی خانوو لە بەڕیەك لە دووری جادە سەرکییەکان و لاڕێ کان دروست کرابوو (صلاح رميض، 1979، صفحة 1)؛ (محمد محمود شاكر الزهاوي، 1984، صفحة 89). دوو پەرستگای تێدایە لە دیوارەکان (الطلعات و دخلات) تێدایە و نیو دینگە بە قوڕ دروستکراو لە ناو دیوارەکان و تایبەتمەندی بیناسازی تل سلیمە بە بوونی ژمارەیەکی زۆر (الركاك-سەکۆ) لە ناو پەرستگاکان وماڵەکان، و پاشماوەی (85) گۆڕ لەگەل گۆزە و چەکی تێدایە. و پاشماوەی چینی

بابلی کۆن (الواح فخاریە) لولومۆر، چەقۆ، چەك و خشڵ و پاشماوەی خشت. (صلاح سلمان رميض، 1984، صفحة 45)و پاشماوەی چینی چوارەم پاشماوەی خانوو و گەڕەك (حارات سکنیە) کۆمەڵێ خشتی قوڕین و کۆنترین نوسینەکان ئەستێڵی حەمرین دائەنرێت و لە چینی پێنجەم پاشماوەی خانوو و بینای شێوەی بازنەیی-هێلکەیی دۆزراوەتەوە (محمد محمود شاکر الزهاوي، 1984، الصفحات 90-89)

**4- تل یلخی**

ئەم سایتە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین و (2کم) لە باشوری دێی عیون الخشالات و ڕووبەری گردەکە (220× 770× 13م). زانکۆی تۆرینوی ئیتاڵی کاری تێداکرد لە نێوان (-1977 1980) لە ئەنجامی پشکنین هەشت چینی شوێنەواری دە بڕوانە(عصر فجر السلالات، و چینی 2و3و4و5 لە سەردەمی ئەکەدی و 6چینی ئوری سێیەم و حەوت سەردەمی بابلی کۆن و 8 سەردەمی کاشی. لە چینی یەکەم هی سەردەمی (سەردەمی بنەماڵەکان) بیناسازی بازنەییان دۆزیەوە لەگەڵ (أواني فخاریە)، و چینی دووەم پاشماوەی (کورە) بۆ برژاندنی گۆزە لەگەڵ مۆری لولەیی لە سەردەمی (ئوری سێیەم) ئەم سایتە زۆر گرنگ بوو پاشماوەی پەرستگا و مۆری لولەییان دۆزیەوە. لە چینی 7 پاشماوەی پەرستگایەکی شێوە لاکێشە لەگەڵ کۆمەڵێ خشتی قوڕ(نووسینی مێخی) و بیناسازیەکی پاشماوەی پلانەکەی ماوە بوو هەمووی ڕەنگ و پاشماوەی کوشك یان شوێنەی ئیدارەی کۆمەڵێ خشتی قوڕ و نووسینی ئیداری و ناوی چەند کەسانێك و کەلوپەلی فرۆشتن و کۆمەڵێ (عقد إيبال- بيل) و کۆمەڵی ئاوانی گۆزەیی و خشل و پەیکەری خواوەندی لە چینی کاشی کۆمەڵێ گۆر وبیناسازی لەسەرە لەگەڵ گۆزە. (فيحاء مولود علي الحيالي، 2006، صفحة 23).

**5- تل أحمد حتۆ**

ئەم سایتە دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین و ڕۆژهەڵاتی دێی أوج تپە ڕووبەری گردەکە (700× 500م) تیمێکی ئەڵمانی سەر بە (کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ئەڵمانی) ساڵی 1979-1978 هەڵکۆڵینیان تیدا کردووە و سێ چینی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە کە بۆ سەردەمی عوبێد سەرەتای (الورکاء) گەرێندراوەتەوە (سورنهاكن، ديتسريش، 1984، ص 58).

**6- تل خیط قاسم**

دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین و نزیك دێی (عيون الخشالات) (افورست، 1979، ص496-490). تیمێکی فەڕەنسی کاری تێدا کرد لە ساڵانی (1979-1978). مێژووی گردەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (عصر فجر السلالات)و بە گۆڕستانێکی گرنگ دادەنرێت و لە ناو گۆڕەکان پاشماوەی گورزە ئامێری کانزایی دەدۆزرایەوە (الكسار، عواد، 1979، صفحة 1)؛ (ربيع جعفر هاشم، 1979).

**7- تل مظهور**

دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین و باکوری دێی کشکوڵ. گردێکی بەرز نیە (قطر – تیرکەی 100م) مێژووی گردەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (عوبید) و (سەردەمی سەرەتای بنەماڵەکان)

سێیەمی پێش زاین و چاڵ بۆ خەزن کرد دەگەڕێتەوە سەردەمی سەلجوقی یان ئیلخانی گۆڕستانی تازە. (كيليك، روبرت و روف، مايكل، 1979، صفحة 530) تیمێکی شوێنەوار پشکنینی لێ کرد بە هاوبەش لەگەڵ (مۆزەخانەی اونتاریۆی شاهناه کە (1980-1977). گرنگترین پاشماوەی شوێنەواری هی سەردەمی (عصر فجر السلالات الأول) و (عوبید) چوار بینا، یەکێکیان شێوەی بازنەیی لە تل کبە وتل رزوق وتل أبوقاسم دوزراوەتەوە لە ناوچەی حەمرین هەیە و دیواری بیناکە ئەستورە و بەشێکی ڕووخاوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و تیرەی بیناکە (30م) بووە. خانووی سێ لایی(المخطط الثلاثي للبيوت (كيليك، روبرت و روف، مايكل، 1979، صفحة 531) و کۆمەڵێ گۆڕی لێ دۆزراوتەوە هی سەردەمی کۆنەکان و لولومور و لە چینی چوارەم بینای بازنەییەکە دۆزاوەتەوە و لە چینی پێنجەم پاشماوەی بیناسازی حەوشەیەك لە دوری کۆمەڵێ ژوور هەیە لەگەڵ پاشماوەی (تنور) کەلوپەلی گۆزە.

**8- تل صبره**

ئەم سایتە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەستێڵی حەمرین و ڕۆژئاوای ڕووباری نارین و (25 کم) لە جەلاولا دوورە، تیمێکی بەلجیکی کاری تێدا کردووە، لە ساڵی 1978م (كاش، هيرمان، 1979، صفحة 440) سێ چینی شوێنەواریان تێدا دۆزیەوە سەردەمی ئیسلامی و فرثی و سەردەمی سەرەتای بنەماڵەکان و کۆمەڵێ گۆڕ و گۆزەیان دۆزیەوە (ڕەنگی سەوز). شوێنەکە بچووکە (70× 10م) و بەرزیەکەی (4م)ە.

**9- تل احمد المظهور**

ئەم سایتە کەوتۆتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین و ڕۆژئاوای دێی أوچ تپە، ڕووبەرەکەی (200× 150م) زانکۆی شیکاغو لەگەڵ زانکۆی کوبنهاگن کاریان تێدا کردووە، پاشماوەی پێنج چینی شوێنەواریی تێدا دۆزرایەوە لە سەردەمی ساسانی، سەردەمی گاشی(و) و چینی (17و 7) سەردەمی بابلی کۆن و پاشماوەی بیناسازی و گۆزەی گڵینە (Postgate I.N. and Waston P.J, 1997, p. 161).

**10- تل رزوق**

ئەم سایتە کەوتۆتە بەشی باکوری ئەستێڵی حەمرین لەسەر ڕووباری نارین لای کەناری ڕاستی ڕۆژئاوای دێی أوچ تەپە. زانکۆی شیکاگۆ و زانکۆی کوبنهاگن 1979-1978 کاریان تێدا کردووە. ژمارەی چینە شوێنەوارییەکان چوارەیە، سەردەمی بابلی کۆن، سەردەمی ئەکەدی، سەردەمی (گزینگی وەچەکان) سەردەمی سەرەتای بنەماڵەکان. کۆمەڵێ گۆزە و پاشماوەی بیناسازی لە سەردەمی سەردەمی سەرەتای بنەماڵەکان. لەسەر زەوییەکی بکر (ساخ) (چین VI) قەڵایەکی بازنەیی دۆزرایەوە لە دووری خانوو هەیە لە ئاستی (V) دروست کراوە و چۆڵ کراوە. چاڵی گەورە لە ئاستی (III- IV) دۆزراوەتەوە. لە ئاستی (II) (لە سەردەمی سەردەمی سەرەتای بنەماڵەکان II) سایتەکە جارێکی تر بەکارهاتووە بینایەکی گەورەی لەسەر دروست کراوە لە شێوەی لاکێشەیە لە سەرووی قەڵاکە کراوە. وەك سایتەکانی تری حەمرین لە سەردەمی کۆتایی عصر فجر السلالات چۆڵ کرا. قەڵاکە شێوەی بازنەیە، کە لە کەرپوچی قوڕین (خشت دروست کراوە (نەسوتاوە)(Plano- Convexes) تیرەی (27m) و یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیە.

دوو دیواری پتەوی هەیە بە شێوەی ناوەندی دیواری دەرەوەی قەڵاکە (5m) لەسەر هەردوو دیوارەکەی بە حەوشەیەکی بازنەیی (مرکزی – سنترال) لەوێوە دەچێتە ناو چوار ژوورەکە. ژوورەکان لە نێوانیاندا پەیوەندی نییە بەڵام هەر ژوورێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو حەوشەکەدا هەیە. هەندێك لە لێکۆڵەرەکان و پێیان وایە بنمیچەکەی شێوەی قوبەی (encorbellement Voute- قبە) هەیە و هەندێك وای بۆ دەچن بنمیچی تەختی هەبووە. ژوورەکەی باشوری – ڕۆژئاوا، گەڕاوەتەوە بەرەو دەرەوە وەك (دەروازە)ی چوونە ژوورەوە بەرەو پەیژەیەك بەرەو سەربان دەڕوات یان بۆ نهۆمی تر. استیطان لە رزوق شورایەکی لە (80م) بە نزیکەیی سەنتەری گردەکەیە (دوو بینای بازنەیی). (Osaman 2012, p.118)

**11- تل أوچ تپە**

دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین (جیسون، مکوایز، 1978، ص 59)، زانکۆی شیکاغو لەگەڵ زانکۆی کوبنهاگن کاریان تێ کرد (1979-1978) دوو چینی شوێنەواری سەردەمی ئەکەدی و سەردەمی بابلی کۆن و کاشی. لە چینی یەکەم پاشماوەی بیناسازی و لە چینی دووەم پاشماوەی بیناسازی سەردەمی بابلی کۆن و کاشی.

**12- تل الأبکع**

دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین، باشوری تل أحمد حتو، ڕووبەرەکەی (200× 300×10م) زانکۆی میونخ ساڵی 1978 کاری تێدا کرد و لە ئەنجامی کاری شوێنەواری سێ چین دەرکەوت: سەردەمی ساسانی، سەردەمی بابلی کۆن، سەردەمی ئەکەدی. لە چینی ساسانی پاشماوەی بیناسازی و چینی دووەم تێکچووە کۆمەڵێ گۆزەی فەخاری تێدا دۆزرایەوە و چینی سێیەم کۆمەڵێ پاشماوەی خانوو دۆزرایەوە (الحیالی، 2006، ص 19).

**13- تل أبوشعاف**

دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین، 25کم دوورە لە جەلەولا. ڕووبەری گردەکە (170×120م). (الهیئة العامة للآثار والتراث، 1978)، تیمێکی عێراقی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور لە ساڵی 1987 کاریان تێدا کردوە (الکسار، عواد، 1979، ص 469-468) لە دوو چینی شوێنەواری سەردەمی ساسانی و پاشماوەی بیناسازی (قەڵا- حصن) و بورجی تێدایە، کۆمەڵێ گۆزە و شوشەی لولەیی دۆزراوەتەوە تێیدا دیمەنی جیاوازی لەسەر نەخش کراوە (الهیئة العامة للآثار والتراث، 1978، ص 5).

**14- تل خیگ کنج**

دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەستێڵی حەمرین و (1کم) باکوری ڕۆژئاوای دێی(عیون الخشالات و ڕووبەری گردەکە (300× 250× 4م) (عبدالمجید عبدالرحمن، 1987، ص 1). زانکۆی نیویورك و مۆزەخانەی میزۆپۆتامیان لەگەڵ تیمێکی عێراقی سەر بە (المؤسسة العامة للاثار والتراث) لە نێوان ساڵانی 1978-1977.

